"بەڵگەنامەی خیلافاتە سیاسییەکان"، بریتین لەو باسانەی کە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ، لە نێو ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، مشتومڕی گەرم و بێنەوبەردەی زۆری لەسەر بوو، لەسەر بابەتگەلێکی گرنگ و چارەنووسساز، بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی. ئەم بەڵگەنامانە هەندێکیان نووسراونەتەوە ، هەندێکی تریشیان شەفەییە و تۆمارکراوە. ئەو بەڵگەنامانەی کە نووسراونەتەوە، ژمارەیان 220 باسە، ئەو باسانەی دەربارەی مەسەلەی ڕابەریین، پێش کۆچی منصور حکمت، برتیین لە 33 باس، ئەو باسانەی دەربارەی هەمان مەسەلەن و دوای کۆچی منصورن، ژمارەیان 32 باسن، ئەو باسانەی دەربارەی نافەرمانی مەدەنی (یاخیبوونی مەدەنی) و مسۆگەرکردنی کورتماوەی ڕابەری حیزبن 6 باسن، ئەوانەی دەربارەی حیزب و سەرنگوونی کۆماری ئیسلامین 70 باسن و ئەوانەی دەربارەی شوران 79 باسن.

ئەو بەڵگەنامانەش کە بە شێوەی شەفەیی هەن، بریتین لە 21 سیمینار، کە هەریەکە لەو سیمنارانەش بریتین لە چەندین بەش.

ئەم باسانە، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا، لە چوارچێوەی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا هێڵرابۆوە، پاشان و بەم دواییە، بڕیاردرا، کە تەواوی ئەم باسانە عەلەنی بکرێتەوە و بخرێتە بەر دیدی ئەندامان.

ئەم نووسراوەی خوارەوە، وەرگێڕاوی بەڵگەنامەیەکە لەوبارەوە، بۆ خوێنەرانێکی جێبایەخ.

**سالار ڕەشید**

## دەربارەی

# "بەڵگەنامەی خیلافاتە سیاسییەکان"

**لە: حەمیدی تەقوایی**

**بۆ: ئەندامانی حیزب**

**بابەت: بەڵگەنامەی خیلافاتە سیاسییەکانی نێو ڕابەری حیزب**

**بەروار:** 22/ 08/ 2004

هاوڕێیانی خۆشەویست

هەتا ئێستا، لە ڕەوتی خیلافاتە فکرییەکانی نێو مەکتەبی سیاسی حیزب، کەموزۆر ئاگادارن. ئەم باسانە لەپاش مەرگی نادر، لەسەر هەندێك مەسەلەی بنچینەیی وەکوو، ڕابەری جەماعی و فەردی، سەرنگونی و پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی و تاکتیکی ئێمە لە دوای پاشەکشە، حیزب و شۆڕش، حیزب و دەسەڵاتی سیاسی، لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕێك کە ئەشێ لە ئێراندا بێتە کایەوە، شورا، مەسەلەی لەدەسگرتنی دەسەڵات لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە، هەروەها بابەتگەلی تری لەم شێوەیە و لەم بوارانەدا، لە نێو ڕابەری حیزب دەستی پێ کرد. دوو مانگ پێش ئێستا، ئەم باسانە خرایە بەردەم کادرانی حیزب و ئێستاش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەسەر پێشنیاری من و لە پاش پەسەندکردنی لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە, بەڵگەنامەی باسە سیاسییەکانی مەکتەبی سیاسی, بەشێوەی نووسراو و بەشێوەی شەفەیی, لەسەر ئەو مەسەلانەی کە باسمان کرد, ئەخرێتە بەردەم ئەندامانی حیزب. عەلەنیکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانە, بەمەستی ئاگاداربوونی ئێوەیە لە ڕەوتی باس و خیلافاتە فکرییەکانی نێو ڕابەری حیزب و بۆئەوەیە کە لەهەر شار و لەهەر یەکەیەکی حیزبیدا, لە سیمینارەکان و بەبەشداری کادرانی حیزب, قسەوباس بکرێت و بیروڕا بگۆڕدرێتەوە. هەروەکوو ئاگادارن, لە بەرواری 18 و 19ی سێپتامبەر, کۆنگرەی فراوان و ڕاستەوخۆی ئەندامان و کادرانی حیزب, بە مەبەستی کۆبەندکردنی ئەم باسانە و ئەنجامگیری سیاسی و ڕێکخراوەیی لێیانەوە, بەڕێوەئەبرێت. لەم ڕووەوە, ئاگاداربوونی ئێوە لەم لە باسانە, زۆر پێویستە. هیوادارم فرسەتی ئەوەتان هەبێت کە ئەم بەڵگەنامانە, بە وردی بخوێننەوە, بیروبۆچونەکانی خۆتان بگۆڕنەوە, لە پلمیکەکاندا بەشداری بکەن و لە کۆنگرەی پێنج, کە بۆ حیزبی ئێمە چارەنووسسازە, گشت ئامادە بن.

بژی حیزب

بە هیوای دیدار لە کۆنگرەی 5دا

**حەمیدی تەقوایی**

**22 ئاب** 2004

*　　　　*　　　　*

ئەم بەڵگەنامەیە:

"نامه حمید تقوایی به اعضای حزب درباره اسناد اختلافات سیاسی درون حزب"

لەم ئەدرێسەوە:

[www.anternasional.com/bahs-hkk.htm](http://www.anternasional.com/bahs-hkk.htm)

وەرگیراوە

❊

**(سالار ڕەشید)**

**لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی**

2004 .10 .10

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com